# له پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ پاسەوانی سنوور!

هاشم عەبدوڵڵا محێدین



زۆر جاران دەڵێن خەڵک کاغەزی سپی دەخوێننەوە، وەپێش ڕووداو دەکەون، ئەم گوتەیە دەقاودەق لەگەڵ گۆڕێنی ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی سنوور ڕاست هاتەوە.

ماوەی دوو ساڵ زیاترە کە لەنێو جەماوەردا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی ئامادەیی خۆی بۆ گۆڕێنی ناوی پێشمەرگە پێشانداوە، هەندێ ڕۆژنامەو ماڵپەڕی ئینتەرنێتیش هەواڵ و زانیاریەکەیان بڵاوکردەوە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سەرسەختانە پێداگری لەسەر وشەی پێشمەرگە دەکردو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەرگیز ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی سنوور ناگۆڕدرێ. مخابن زۆرێک لە لایەنەکانیش بەو باوەڕە گەیشتبوون کە سەرکردایەتی سیاسی سازش لەسەر وشەی پێشمەرگەدا ناکات، چونکە دەیان جار سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی بە پێشمەرگە داناوەو شانازیشی بە ناوەکەیەوە کردووە.

سەرکرەدایەتی سیاسی کوردستان ئەگەر لە دەستپێکدا بەنهێنی کارێک ئەنجام دەدەن، هەر خۆشیان لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕەتی دەکەنەوەو پێداگری لەسەردا دەکەن و دەیان سۆزو بەڵێن دەدەن کە هەرگیز ئامادە نابن ئەو کارە بکەن، وەک خۆیان گوتەنی ئامادەن هەموو شتەکان هەڵوەرشێننەوە، بەڵام سازش ناکەن و پێ لە پیرۆزیەکان نانێن!

گومان لەوەدانیە کە بەدرێژایی دەیان ساڵ پێشمەرگە ڕەمزی بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلی کوردستان بووە، هیوای سەرفرازی و بەختەوەری هەڵگرتبوو، هەزاران کەس بە تاسەوە چەکی پێشمەرگایەتیان دەکردە شان و گیانی خۆیان لەسەر لەپی دەستیان دادەناو سەختی و ناخۆشیەکانی ڕۆژگاریان هەرەس پێ دەهێنا، بەوهۆیەشەوە باوەڕ نەدەکرا کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لە گۆڕینی ناوی پێشمەرگە بکرێتەوە، ئێستا کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ڕەزامەندی دەربڕیوەو وەکو خۆیان گوتەنی ئیدی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆتە پاسەوانی سنوورو شتێک بە ناوی پێشمەرگە نەماوەتەوە، دەکرێ لە پێشمەرگە دێرینەکان، ئەوانەی یادگاری و بیرەوەریەکانیان بە پێشمەرگەوە زیندووە، بە وشەی پێشمەرگەوە تام و چێژی هەیە، بپرسین : ئایا ئەوانیش ناوەکەی خۆیان بۆ پاسەوانی سنووری دێرین دەگۆڕن؟!

ئایا ئەو هەموو فەرماندەو پێشمەرگەیە دەنگی نارەزایی بەرز ناکەنەوەو مل بۆ بڕیارەکە دەدەن؟!

ئایا خەڵکی کوردستان گۆڕینی ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی سنوور بە ئاسایی وەردەگرن؟! بە تایبەت ئەوانەی کە گیانی خۆیان لەسەر دەمکی چەقۆ ق مشاری ڕژێم دادەنا، دە نێو ماڵەکانی خۆیاندا تەنیا لەبەر پیرۆزی ناوی پێشمەرگە ئەوانی دەحەواندەوە، خزمەتی دەکردن و خۆراکی پێدەدان.

ئایا سەرکردایەتی سیاسی گۆڕێنی ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی سنوور بە سازش دانانێن و بە ڕۆتینی لێی دەڕوانن؟!

هەڵبەت گۆڕینی ناوی پێشمەگە بۆ پاسەوانی سنوور بەر لە هەموو شتێک کەم ڕوانین لە خەباتی پێشمەرگەی کوردستان پێشان دەدات، لەهەمان کاتیشدا شان نزمی لەبەرامبەر خواستەکانی دەوڵەتی ناوەندی خۆیا دەکات کە هێشتا پێی نەگرتووەو بە دارەڕێی کوردەوە ڕێ دەکات، ئەگەر تەنیا ڕۆژێک کورد لە بەغداد بکشێتەوە نەک حکومەتی ناوەندی لە بەغداد هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکو شتێک بە ناوی عێراق نامێنێتەوە، چەند وڵاتێک پێکدەهێنرێن، دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش لەو بەڵایە ڕزگاریان دەبێ، هەم دەستی تیرۆر کورت دەبێتەوە، هەمیش پێکهاتە لەیەک جیابووەوەکان ئارام و ئاسوودەتر دەژین.

گۆڕینی ناوی پێشمەرگە خاڵێکی بچووکی ئەو سازش و شان نزمییەیە کە لە داهاتوودا پێیانەوە ئاشنا دەبین. ئەم گۆڕێنە ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێ کە ڕەوشی کەرکوک ئاسایی ناکرێتەوە، ماددەی ١٤٠ مردار دەبێتەوە، ریفراندۆم لە کاتی خۆی بەڕێوەناچێ، کوردستانبوونی کەرکوک لەبەردەم گومان و پرسیارو چاوچنۆکی دیتراندا دەمێنێتەوە.

گومان لەوە دانیە کە نە پێشمەرگە دێرینەکان، نە فەماندەو پێشمەرگەکانی دیکە، بە خەڵکی کوردستان پێشواازی لەو بڕیارەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ناکەن، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش دەیانەوێ قسەی خۆیان لە مەحەک بدەن با لەسەر گۆڕین و هێشتنەوەی ناوی پێشمەرگە ڕاپرسی بکەن، ئەگەر گەل بۆ گۆڕین دەنگی دا، ئەوکات دەیان گریمان لەسەر خودی گەل و لەسەر چەمکی نەتەوە بوونمان دروست دەبێ.

ئەگەر گەلیش دەنگی بۆ مانەوەی ناوی پێشمەرگە دا، ئەوە جارێکی دیکەش دەردەکەوێ کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پەی بە خواست و ئاواتەکانی گەل نابەن، دەیانەوێ بەرەوتی پێچەوانە سەوڵی بەلەمی کوردەواری لێبدەن. ئاخر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان خۆی لە ٩٨% ئەو دەنگانە بە خاوەن نەکرد کە بۆ سەربەخۆیی کۆکرانەوە، لەوانەیە ئەگەر ١٠٠% دەنگ بۆ مانەوەی پێشمەرگەش بدەن، دیسانەوە خۆیان لێ بە خاوەن نەکەن!!

ئێستا تەنیا دوو ڕێگە لەبەردەم گەلی کوردستان ماوەتەوە، ئایا گۆڕینی ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی سنوور پەسند دەکات، (وەک دیارە بە ئاسایی وەری گرتووە) یان ڕەتی دەکاتەوە.

ئەگەر گەلی کوردستان لەگەڵ گۆڕینی ناوی پێشمەرگە دانیە و دەیەوێ پێ لە پیرۆزیەکانی نەندرێ، سێ ڕێگەی بۆ دەمێنێتەوە، یان ئەوەتا دەنگی نارەزایی بەرز بکاتەوە، ڕێپێوان و خۆ پێشاندان ساز بکات، یان ئەوەتە ژمارەیەک دڵسۆز بچنەوە شاخ و خەباتی چەکداری دەست پێبکەنەوە، ئەمەش لەگەڵ ڕاقیعی کوردستان و خەون و ئاواتەکانی گەلی کوردستان ناگونجێ کە پارتیزانی دژ بە حکومەتی خۆماڵی بکرێ، سێیەمین ڕێگەش ئەوەیە کە ئەوانەی ناوی پشمەرگە بە پیرۆز دەزانن، نایانەوێ بگۆڕدرێ دەبێ سەنەگری خۆیان بۆ ناو هێزەکانی پارچەکانی دیکە بگوازنەوە.

# جۆرج بووش حەز بە مردنی فیدل کاسترۆ دەکات

سیروان شوانی



جۆرج دەبلی بووش سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژی پێنج شەممە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە حەز بە مردنی فیدل کاسترۆ سەرکۆماری کوبا دەکات.

پێنج شەممەی ڕابردوو کاتێک بووشی سەرکۆمار لە کۆلیژی سەربازی دەریاوانی وتاری دەدا، بێشەرمانە خۆزگەی بەڕۆژی مردنی فیدل کاسترۆ خواست و نەیشاردەوە کە ئەو حەز بە مردنی کاسترۆ دەکات.

لە هەفتەی ڕابردوودا بەهۆی بەڵگەنامە ئاشکراوەکانی دەزگەی سیخوڕی ئەمریکا دەرکەوتووە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەزگەی هەواڵگری و سیخوڕیCIA ئەمریکا زۆر شێلگیرانە هەوڵی تیرۆرکردنی فیدل کاسترۆی داوەو ناکام ماوەتەوە.

بەڵگەنامەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەزگەی هەواڵگری و سیخوڕی ئەمریکا بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی سێ باندی ڕێگردا بۆ کوشتنی کاسترۆ کاری کردووە، ئەمەش ئاوڕووچوونێکی دیکەی دەزگەی هەواڵگری ئەمریکا بەدیار دەخات، دەردەکەوێ کە ئەمریکا بۆ لەناوبردنی نەیارانی خۆی ئامادەیە هەموو جۆرە ڕێگەیەک بگرێتەبەرو هەموو شێوازەکان تاقی بکاتەوە.

فیدل کاسترۆ کە لە ساڵی ١٩٥٩ بە هاوکاری گیڤارا وڵاتی کوبای ڕزگارکردو سیستەمی کۆمۆنیستی سەرپشک کرد، ئەمریکا بە دوژمنی سەرسەختی خۆی پێوانەی بۆ کرد، هەوڵی لەنێوبردنی دا، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە.

جۆرج دەبلی بووش یەکەمین سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە ڕاشکاوانە حەزی خۆی بۆ مردن و لەناوچوونی کاسترۆ دەربڕێ. گومان لەوەدانیە کە سەرکۆمارەکانی ئەمریکا هەر هەموویان حەزیان بە مردن و لەناوچوونی نەیارانی خۆیان کردووە، بەڵام ئەوان لە دڵی خۆیاندا ڕایانگرتووە، ڕازەکەیان بۆ ڕۆژنامەو خەڵکانی ئاسایی نەدرکاندووە، بەڵام جۆرج دەبلیوو بووش زۆر ڕاشکاوانە باسی مردن و لەناوچوونی نەیارانی خۆی دەکات. لەسەرەتای دەست بە کاربوونیەوە نەیشاردۆتەوە کە ئاوات بە مردنی ئوسامە بن لادن دەخوازێ و هەموو ڕێگەو شێوازێکیش بۆ لەناوبردنی دەگرێتەبەر، هەروەها بە گرتن و هەڵواسینی سەدام حوسێن زۆر دڵخۆش بوو، کوشتنی ئەبو مەسعەب زەرقاویشی بە مژدەیەکی خۆش وەسف کرد، ئێستاش ڕاشکاوانە خۆزگە بە مردنی کاسترۆ دەخوازێ.

بە گوێرەی لێکدانەوەکانی زانستی ڕەوانناسی ئەوانەی حەز بە کوشتن و مردنی دیتران بکەن، ئاسایی نین. تۆ بڵێی جۆرج دەبلیوو بووش وێڕای ئەوەی سەرکۆماری بەهێزترین وڵاتی جیهانە، ئاسایی بێ؟!

فیدل کاسترۆ تەمەنی ٨١ ساڵە، نەخۆشەو لە خەستەخانە کەوتووە، ئایا ئاوات خواستن بە مردنی پیرەمێردێکی نەخۆش خزمەت بە ئەمریکا دەکات؟!

# کۆنسەی ئەوروپا پێشنیاری ئۆجەلان وەردەگرێ

هیوا سەید



چل و چوار پەرلەمانتاری ئەورووپا پێشنیازێکی ئامادەکردبوو، بۆ نرخاندنی ئەو پێشنیازە لە پەرلەمان ڕادەستی کۆنسەی ئەوڕوپا کرابوو، تێیدا خواسترابوو کە کۆنسەی ئەوروپا ڕەوشی لەش ساغی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ئێستا لە دوڕگەی ئیمرالی زیندانی کراوە چاودێری بکات و ژیانی ئەو لە زینداندا سۆراخ بکات.

ئەم پێشنیارە لەلایەن پەرلەمانەوە وەرگیراوەو ڕادەستی کۆمیتەی مافی مرۆڤ کراوە، چونکە کۆمیتەکە ڕاستەوخۆ بە کۆنسەی ئەورووپاوە گرێدراوە، ئەمەش سەرکەوتنێکی دیکەی کوردان بەرجەستە دەکات.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ژەهراویکردنی بەڕێز ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان دەنگی نارەزایی بەرز بۆوە، هەزاران کەس داوایان کرد کە یەکێتی ئەوڕوپا ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ و بەدوای هەواڵەکەدا بچێ، تەنانەت خودی ئۆجەلانیش پێیباشبوو کە کۆمیتەیەکی بێلایەن بەدواداچوون بکات و ئاکامەکەی بخاتەڕوو.

ڕەوشی ئۆجەلان سەرنجی کوردستانیانی بەلای خۆیەوە ڕاکێشاوە، ئەوان دەخوازن کە لێکۆڵینەوەیەکی ڕاست و دروست لەو پێوەندیەدا ئەنجام بدرێ، بەڵام دەوڵەتی تورک هەواڵەکە ڕەت دەکاتەوەو بە بانگەشەی دادەنێ، بەڵام بەدەنگەوەهاتنی ئەوڕوپا دیوارێک لەبەردەم خەون و نیازە گڵاوەکانی تورک دادەنێ. ئەگەر یەکێتی ئەوڕوپا بۆی دەربکەوێ کە دەوڵەتی تورکیا ژەهری بە ئۆجەلان داوە، لەلایەن دادگەی نێودەوڵەتیەوە تۆمەتبار دەبێ و ڕیسوا دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە وڵاتانی ئەوڕوپا شێلگیرانە چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ و ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەوانی و پەروەندەی زمانی زگماکی دەکەن، دەخوازن کە تورکیا هەنگاوی کردەویی لەو بوارانەدا بهاوێژێ.

زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە وەرگیرانی تورکیا لە یەکێتی ئەوڕوپا بە قازانجی کورد و کێشە ڕەواکەی تەواو دەبێ ، چونکە لەبەرانبەر ئەو ستەمانەی بەرانبەر بە کورد ئەنجام دەدرێن، بەرپرسیار دەبێ، بەوهۆیەوە ناچار دەبێ کە بە وردییەوە چاودێری ڕەوشی کوردستانیان بکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندی دایە، کەچی هەندێک پێچەوانەکەی بە ڕاست دەزانن و نایانەوێ تورکیا وەربگیرێ.